سەید حەکیم: ئەکتیڤکردنی ڕێکەوتنەکانی عێراق و ئەڵمانیا گۆڕینی بۆ پرۆگرامی کار بەرژەوەندی هەردوو وڵات پتەوتر دەکات



سەماحەتی سەید حەکیم سەرۆکی هاوپەیمانێتی هێزە نیشتمانییەکانی دەوڵەت پێشوازی لە بەڕێز دانیار
کریبیر باڵیۆزی ئەڵمانیا لە بەغدا کرد و لەم دیدارە باسی پەیوەندی دوو قۆڵی بەغدا و بەرلین کرا
لەگەڵ پتەو کردنی بەشێوەیەك کە خزمەتی بەرژەوەندی هەردوو ولاتی دۆست بکات، سەماحەتی داوای کرد
دواین سەردانی سەرۆك وەزیران لەم دواییە بۆ ئەڵمانیا بقۆزنەوە بۆ ئەوەی ڕێکەوتنە واژۆ کراوەکان
بخەنە بەرنامەیەکی کار و هەورەها پێشوازی خۆی بە هاتنی کۆمپانیا ئەڵمانییەکان کرد بۆ عێراق لەبەر
ئەوەی ئەزموون و ناوبانگی زۆر باشیان هەیە.
سەماحەتی ئاماژەی بە ڕکا بەرییەکانی سروشتی عێراقی کرد و دووپاتی کردەوە کە عێراق بەهۆی ئاستەنگی
ئابووری لە مەینەتی دایە، ئەوەش بەهۆی □وداوەکانی ناوچەکەیە کە کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و
هەناردەکردنی نەوت کردوە کە بڕبڕەی پشتی بودجەی عێراق پێك دەهێنێت.
هەروەها جەختی کردەوە لەسەر گرنگی پەند وەرگرتن لە قەیڕانی ئێستا بۆ ئەوەی کار لەسەر فرەکردنی
ئابووری بکەن و دەروازەکانی هەناردەکردنی نەوتیش بۆ بازارەکانی جیهان زیاتر بکرێت.
سەماحەتی حەکیم بانگەشەی دووپات کردەوە بۆ چارەسەری کێشەی ڕادەستکردنی چەك بەدەستی دەوڵەت بەپێی
گفتوگۆ و لێك تێشگەیشتن و بەگوێرەی ساتێك کە عێراق دیاری بکات، ڕوونیشی کردەوە کە چارەسەری چەکی
دەرەوەی سنووری دەوڵەت داواکارییەکی عێراقییە و ڕاستیەکی دەستوورییە و بەرژەوەندییەکی نیشتمانییە و
هەموو ئەرکەکانی ولاتانی بەرز نرخاند لە گەڕانەوەی سەقامگیری ئەمنی وسیاسی و کۆمەلایەتی.